# د. ڕێبوار فەتاح: ریفڕاندۆم بەرجەستەکردنی خواستی گەلی کوردستانە

**تامان شاکر - بڕۆکسل**
ڕۆژنامەی میدیا – هەولێر، 3 کانوونی دووەمی 2004 :

***د. ڕێبوار فەتاح یەکیکە لە چالاکەکان و دامەزرێنەرانی کامپەینی ریفڕاندۆم لە تاروگەدا. منیش بە پێویستم زانی ئەم دیمانەیەی لەگەڵ ساز بدەم تا بیروبۆچوونەکانی ئاشکراتر بن دەربارەی ئەم بابەتە چارەنووسسازەی گەلی کوردستان.***

**ڕیفڕاندۆم بۆچی؟**

ریفڕاندۆام ڕێیەکی قانوونی ناسراوی نێونەتەوەیە بۆ گەلان تا مافی چارەی خۆنووسین دیاری بکەن. ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە ڕێی تر نیە. ریفڕاندۆام مافێکی قانوونی گەلی کوردسانە. هیچ هێزیک نیە کە ئەم مافە لە گەلی کوردستان زەوت بکات، تەنیا کورد خۆی نەبێ.

ریفڕاندۆم بەشێکی گرنگە لە پرۆسەی بە دیموکراتیکردن و بە شارستانیکردنی کۆمەڵگەکان. خەڵک دەبێ سەرچاوەی هەموو بڕیارێکی چارەنووسساز بن، نەک حزبێک یان سەرۆک حزبێک. ریفڕاندۆم بە بەرجەستەکردنی خواستی خەڵکی کوردستان دەبینم. مافی ریفڕاندۆم گەڕانەوەی بڕیارەکانە بۆ خەڵک، کە بناغەی دیموکراتی شارستانیە.

ریفڕاندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستانە. ئامانجی کامپەینەکە پیادەکردنی ریفڕەندەمە بۆ کێشەی چارەنووسسازی نەتەوەی کورد لە باشووردا. ریفڕەندەمەکە دەپرسێت: ئایا کوردستانی سەربەخۆ دەخوازیت یان کوردستانێک کە بە شێکە لە عێراق؟

**بۆچی ئێستا کاتی پیادەکردنی ریفراندۆمە؟**

دەکرێ ریفراندۆم لە هەر کاتێکدا و لە هەر یەکێک بە جودا یان لە هەر پێنج پارچەکەی کوردستاندا پیادە بکرێ. بە کردەوە ئەمە ئاستەمە، چونکە پارچەکانی کوردستان لە ژێر ڕژێمی تۆتەلەتارین، کە ساکارترین مافی مرۆیی و نەتەوایەتی کوردیان پێشێل کردووە. ئەم ڕژێمانە دەرفەت بە گەلی کوردستان نادەن مافە

قانوونیەکانیان پیادە بکەن. بەڵام لە باشووری کوردستاندا، چەند هەلێک هاتووەتە کایەوە، کە ناکرێ لە دەست بدرێن. ئەمانە هەندێکن لەو هەلانەن:

- عێراق سەروەرێتی نەماوە، دوو بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکان، بڕیاری 1483 و 1511، عێراقیان لە رووی سیاسی و سەربازیەوە پاراستووە.
- حکومەتی نێوەندی عێراق لەنێو چووە. دەسەڵاتی بەسەر کوردەوە نەماوە. بۆ ئەوەی بزانین کە کورد چ دەرفەتێکی مێژوویی بۆ هەڵکەوتووە، کەشمیر بە نموونە دەهێنمەوە. لە 1948دا ئەنجومەنی ئاسایش بە بڕیاری 47 (1948) بڕیاری ریفڕۆندەمی دا، بەڵام هندستان رێی لێگرت. ئیمڕۆ هیچ لایەنێک ناتوانێ رێ لە گەلی کوردستان بگرێ.
- رژێمەکانی ناوچەکە لاوازن. ئەمەریکا، بەهێزترین نەتەوەی جیهان، سوریا و ئێرانی ناوناوە بەشێک لە 'سێکوچکەی شەیتان' . سوریا لەژێر گوشاریە؛ ئەمەریکا لە گفتووگۆدایە تا ئابلۆقەی ئابووری بدا. ئەمەریکا پشتگیری لە بزووتنەوەی دیموکراسی لە ئێراندا دەکا؛ شەڕی چەکی ناوکی پێدەفرۆشێ؛ کارتی مجاهیدینی خەڵک بەکاردەهێنی.
- حکومەت و پەڕلەمانی کوردستان تەنیا حکومەت و پەڕلەمانن کە لە عێراقدا لە کاردا بن. عێراق هێشتا دەوڵەتی نێوەندی نیە. (بەڵام کورد کاتی کەم بە دەستەوە ماوە.)
- کورد گرفتی راگرتنی ئاسایشی کوردستانی نیە. ئەمەریکا و هاوپەیمانان لە عێراقدان. ئەمانیش تەنیا لە کوردستاندا سەلامەتن.
- شەقامی کوردستان تەنیا شەقامێکە کە پشتگیری لە ستراتیجی ئەمەریکا و هاوپەیمانانی دەکا لە خۆرهەڵاتی نێوەندا. کورد دەتوانێ رایان بە لای خۆدا رابکێشێ.

## ئایا خەڵکی کوردستان تا چ رادەیەک لە ریفرڕاندۆم تێدەگەن؟ لەم بارەیەوە چی بکریت باشە؟

لە کۆمەڵگای ئەمڕۆدا، میدیا دەوری سەرەکی دەبینێت لە بڵاوکردنەوەی بیرۆکەکاندا. ریفراندۆمیش لەوان بەدەر نیە. بەڵام لەبەر ئەوەی ئیمڕۆ لە کوردستاندا میدیا بە سەرەکی بە دەستی حیزبەکانەوەیە، کارەکە تا رادەیەک لە دەست خەڵک دەردەچێ. خۆ ئەگەر حیزبەکان پشتگیری لێ نەکەن، خەڵکی ناتوانن پەیامەکەیان گفتوگۆ بکەن. ئەمە گرفتیکی گەورەی کۆمەڵگای کوردستانە.

کۆڕ و کۆبوونەوەکان و میدیاکانی تاراوگە ڕەنگە کاریگەر بن. بەڵام کورد دەبێ دەستبەکار تر بێ.

**لە ناوچەی یەکیتی (ینک) لەمێژە ریفراندۆم پڕوپاگەندەی بۆ دەکرێ. ئەمە چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟**

من دوو هۆکار لە پشتی ئەمەوە دەبینم. هۆکاری یەکەم – ڕەنگە کامپەینی ریفراندۆم یەکیتی بەو نیازە دەستی پێکرد بێ کە هەڵویستی خۆی لە ناو پەرلەمانی کوردستاندا لە هەولێردا بەهیزتر بکات. ئێستا پارتی زاڵە لەناو پەرلەمانی کوردستاندا.
هۆکاری دووەم – خەڵکی ناوچەی سلێمانی ناخرێنە قەفەزی ئایدۆلوجیەوە. سلێمانی بەوێنەی نوێنەری پەلکەزیرینەی بیروبۆچوونە جیاوازەکانە. تەنانەت یەکێتی خۆشی چەندین بیروباوەڕی جیاوازی لەخۆگرتووە، کە لای من زۆر پۆزەتیڤە. هەندێک لەم بۆچوونانە پشتگیری لە سەربەخۆیی کوردستان دەکەن. زۆر بیروبۆچوونی تاڵەبانی هەن، کە ئەندامانی یەکیتی لەگەڵیدا نین. ئەمەش من بە پۆزەتیڤ دەزانم.
برەو بە دەرکەوتنی بیروبۆچوونی جودا لە ناو حزبەکاندا دەبێ بدرێ. دیموکراسی دەبێ لە حزبەکان خۆیانەوە دەستپێ بکات، گەر دەخوازن کومەڵگایەکی دیموکرسی لە کوردستاندا دا بڕێژن.

**حیزبە کوردستانیەکان چ هەڵویستێک لەسەر ریفراندۆم لەم کاتەدا وەربگرن بەکەڵکە؟**

من حەزم دەکرد هەموو حیزبە کوردستانیەکان، بە یەکەوە، کۆمیتەیەکیان دابمەزراندایە بۆ پشتگیری لە ستراتیجی کامپەینی ریفراندۆم. ئەم جۆرە کۆمیتانە لە وڵاتانی شارستانی دیموکراتدا زۆرن؛ کە دەکرێ کەڵک لە ئەزموونیان وەربگیرێ.
ریفراندۆم نابێ بۆ بەرژەوەندی حیزبایەتی بەکاربهێنرێ. دەبێ ستراتیجیەکی کوردستانی هەبێ بۆ پیادەکردنی ریفراندۆم کە پلانی بۆ دانرابێ، بودجەی بۆ تەرخان کرابێ، قۆناغەکانی دیاری کرابێ. خۆ ناکری ریفراندۆم هەر بە کامپەینت بمێنێتەوە. ئیدی دەبێ پیادە بکرێ. دەنا هێندی هێدی پشتگیری خەڵک لە دەست دەدات. با لە ئێستاوە، پلانی رۆژێک بکرێ بۆ پیادەکردنی ریفراندۆم لە کوردستاندا. حزبەکان دەبێ بە ئاشکرا، نەک لە پشت پەردەوە، ئەم پشتگیریە پیشان بدەن.

**سەربارى ئەوەى كە يەكێتى دەستبەكارە لە كامپەينى ريفراندۆمدا، كە ئامانجى سەربەخۆيى كوردستانە، ريزدار جەلال تالەبانى پەيماننامەى 15 نۆڤەمبەى ئيمزا كرد كە دژى سەربەخۆيى و فيدرالیی جوگرافيە. راتان چيە؟**

پەيماننامەى "پرۆسەى سياسى" 15 نۆڤەمبەرى 2003، كە بەرجەستەى فيدراڵى ستنەكان (يان ستانەفيدراڵى) لە عێراق و كوردستاندا دەكات، مەترسيدارە لەسەر بوونى كورد و كوردستان. [1] ئەمەم بە درێژتر لە وتارەكەى هاوڵاتيدا باسكردووە. [2] هەر دواى دەرچوونى رێككەوتننامەكەش لە سەرووتارێكى كورديش ميديادا (17 نۆڤەمبەر 2003) رەخنەى توندمان لێگرتووە. [3] ئەمە يەكەمين وتار بوو كە مەترسى ستانەفيدراڵى بخاتە روو، مانگێك بەر لە وتارەكەى رێزدار بەرزانى لە رۆژنامەى خەباتدا.

**بۆچوونەكانى بەڕيز مەسعود بارزانى، كە لە رۆژنامەى خەباتى ژمارە 2321 كە لە 18 _12_2003 بلاوكراوەتەوە، چۆن هەڵدەسەنگينن؟**

من بە پۆزەتيڤى دەزانم كە سەرۆكى يەكێك لە حيزبەكانى كوردستان خەمخۆرى نيگەرانى خەڵكەى. بەڵام وتارەكەى خەبات زۆرتر بە دەرمانێكى ئازاررەوين دەچێ. ئازارەكە كەم دەكاتەوە بەڵام چارەسەرى نەخۆشيەكە ناكات.

ئەو خاڵانەى لە وتارەكەدا هاتوون، لەگەڵ چەندين خاڵى تردا، با بكرێن بە بڕيارێك بە رێى پەرلەمانى كوردستاندا بدرێت بە ئەنجوومەنى حوكم و هاوپەيمانان وەك داواكارى گەلى كوردستان . تەنيا ئەو كاتە دەبێ بە داواكارى، نەك وتارێك لە رۆژنامەيەكدا.

**لە هەفتەنامەى هاوڵاتى چەند جێيەكى تردا بە توندى دژى فيدراڵى ستانەكان دەوەستيت، بۆچى؟**

چەند خاڵێك لەم بارەيەوە دەبێژم. فيدراڵى ستانەكان [پارێزگاكان] دەبيتە هۆى لە دەستدانى قەوارەى كوردستان و بە فيرۆچوونى خەباتى خوێناوى گەلى كورد لە باشوورى كوردستاندا. گەلى كوردستان هەر چارەسەرێك بۆ كێشەكەى هەڵبژێرێ دەبێ قەوارەى سياسى كوردستان لە دەست نەدات، كە ئەمە دياركردنى سنوورى كوردستانيش لەخۆ دەگرێ.

راستە رێزدار تالەبانى ئەم بەياننامەيەى ئيمزا كردووە. بەڵام تالەبانى وەك سەرۆكى خولى ئەنجوومەنى حوكمى عێراق ئيمزاى كردووە. ئەمەش ئەوە دەگەيەنى كە پارتى

و هەموو لایەنە کوردیەکەکانی تری ناو ئەنجومەنی حوکم بەشێکن لەو بڕیارە. دەنا ڕازی نەدەبوون . خۆ ئەگەر ئیستا پارتی ناڕازیە لە فیدراڵی ستانەکان، با ڕاگەیاندنیک بە ڕەسمی بدات بە ئەنجوومەنی حوکم و هاوپەیمانان. بەو پێیە دەستبکیشیتەوە لەم بڕیارە. دەنا وەکی تر، گۆڵێکی سیاسی هەرزانە حیزبیک لە دژی حیزبیکی تر.

لەلایەکی تریشەوە، ئەم ڕێککەوتننامەیە جەختی لە جودایی بنەڕەتی لە سیاسەتی پارتی و یەکێتی دەکاتەوە لەسەر کێشە چارەنووسسازەکانی گەلی کوردستان. ئەم جیاوازیانە ڕەنگە ئاسایی بن، گەر لەناو پەڕلەمانی کوردستاندا گفتووگۆ بکرێن. خۆ کە پاچەڤە دەکرێن بە شکاندنی یەکتر و حزبی-خۆ بردنەپێشەوە، بە زەرەر دەگەڕێنەوە و دڵی گەلی کوردستان کرمێ دەکەن.

پاشی ئەوە 12 ساڵە فیدڕالی ستان لە ئارادا نەبووە. ئێستا چۆن سەری هەڵدا؟ لکویوە قووت بووەوە؟ ئایا ئەمە ڕێزلێنەگرتنی بڕیاری پەڕلەمانی 1992 نیە؟ لەوە ناچێ پەڕلەمانی کوردستان هێچ فەنکشنێکی مابێ. ڕاستەکەی هەر ئێستا، من نازانم کاری پەڕلەمان چیە. ئایا ئەمە گاڤنان نیە بۆ لەنێوبردنی دەسەڵاتی هەڵبژێردراوی کوردستان؟

**پاش ڕووخانی ڕژیمی بەعس و ئازادکردنی عێراق، هەڵویستی ئۆپۆزسیونی عێراق زۆر گۆڕاوە. پێشتر زۆر لە ئەندامانی ئەنجوومەنی حوکم تەنانەت لەگەڵ سەربەخۆیی کوردستانیشدا بوون. کەچی ئیستا بە فیدڕالیش ڕازی نین ؟**

من تەنیا لۆمەی حیزبە کوردستانیەکان دەکەم. لە 12 ساڵی ڕابڕدوودا کە ئۆپۆزسیۆنی عیڕاقی لەجێی نەبووان بوو، کورد نەیتوانی مافەکانی خۆی بەسەر ئەو ئۆپۆزسیۆنە لاوازەدا بسەپێنی. ئۆپۆزسیۆنی عێراقی بە کورد دامەزرا، بەڵام بۆ گیانی کورد. ئەوەی ئیمڕۆ دەیبینین هەرەسێکی تری سیاسەتی حزبەکانە.

ئێستا دەوڵەتی عەرەبی عیراقی لە دامەزراندنەوەدایە بۆ سەرکوتکردنی کورد. لەم دەوڵەتەدا دەنگی کورد لەجێی بەبووانە.

کە ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی بە کورد دادەمەزرایەوە، کورد یەکتری دەکوشت لە شەڕی کوردکوژیدا. کێ تاوانبارە بەرانبەر ئەم بارەی هەرەسەی ئیمڕۆ؟ من و ڕۆشنبیرانی تری کوردستان بێبەرین. ئێمە لە بەشدارکردنی دامەزراندنەوەی کوردستاندا وەلا خراین. پارتی و یەکێتی خۆیان کرد بە خاوەنی هەموو کارێک و ڕۆڵی لایەنە کوردستانیەکانی تر و بەشداری فیکری ڕۆشنبیری کوردیان بنەبڕ کرد. لە ئاکامی ئەم

سیاسەتە چەواشەیەدا، میژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە. جێی سەرسوڕمان نیە کە ئیمڕۆ رۆژی لە ناوبردنی کوردستان و کێشەکەیەتی.
کورد نەدەبووایە هەرگیز وەک تاکە کەس یان حزب لە ئەنجوومەنی حوکمدا بەشداری بکات. کورد دەبێ وەک قەوارەی سیاسی کوردستان بەشدار بێ.

**باشە کورد لە ئەنجومەنی حوکم چی بکات؟**
کوردستان دەبێ شەرعیەت بداتەوە بە پەرلەمانەکەیی و حکومەتەکەی لە رێی هەڵبژاردنەوەوە. خۆ گەر ئەمە ناکرێ، با هەموو هێزە کوردستانیەکان، بە ئاسووری، تورکمانی دۆستی کورد و ئەوانی تریشەوە، لە پەرلەمانی کوردستاندا کۆببیتەوە، لەسەر داواکاریەکانی گەلی کوردستان رێک بکەون و ئەمجار بە رەسمی بیدەن بە ئەنجوومەنی حوکم و هاوپەیمانان. تا ئەو مافانە لەلایەن هەردوو لاوە ئیمزا نەکرێ، گەلی کوردستان دەبێ بەشداری لە دامەزراندنەوەی حوکمی بەغدادا نەکات.
داواکاریەکانی گەلی کوردستان نابێ لە پشتی پەردەوەوە چەند حزبیەک دایبڕێژێ.
کێشەی چارەنووسسازی کوردستان دەبێ بڕیاری گەلی کورستان بێ. ئەمە خۆی بناغەی بیرۆکەی ریفڕاندۆمە.
کورد دەبێ خۆی بە گچکە نەزانی. دەبێ کوردستانێتی باشووری کوردستان بەکاربهێنێ لە کێشەیدا. بەڵام حیزبەکان رازی نابن کوردستانی بن، قبووڵیانە کورد برای گچکە بێ لە عێراقی عەرەبیدا. چەند جار گوێمان لە سەرۆک حزبەکان بوو کە بڵێن، "ئێمە عێراقین بەر لە کوردستانی." ئا ئەمەیە سیاسەتی لەنێوبردنی کورد و کوردستان.

**پیت وا نیە ئەمە هەرەسیکی سیاسی پارتی و یەکیتیە؟**
بە بۆچوونی من سیاسەتی پارتی و یەکیتی بۆ دامەزراندنی ئەوەی کە ناویان ناوە "عێراقی دیموکراتی فیدراڵی هەمەحزب"، کە بڕبڕەی پشتی ستراتیجیانە، لەبەر چەندین هۆکار، " هەرەسی هێنا.
ئەم مۆسیقایە تەنیا پارتی و یەکێتی بۆ دەمکوتردنی گەلی کوردستانی لێدەدەن، چونکە نە هاوپەیمانەکان، نە مەجلسی حوکم، نە رژێمەکانی ناوچەکە ئەم چیرۆکەیان لە پارتی و یەکێتی کڕیووە. بگرە رەنگە دژیشی بن. ئیدی نازانم سیاسەتی پارتی و یەکێتی چی بۆ کوردستان ئەنجام داوە. هەڵبەت ئەم حوکمە رەنگە رەوا نەبێ، چونکە من لێرەدا سیاسەتی شەڕی کوردکوژیم لە یاد کردا!

راسته پارتی و یەکێتی بۆ سیاسەتی دژە کورد دەستبەکارن. پارتی و یەکێتی هێندەی دژی یەک کار دەکەن، هێندە بۆ بەرژەوەندی کوردستان کار ناکەن. بزانە لەسەر هەڵبژارندنی خوێندکار و قووتابی چیان کرد. من دەپرسم. پارتی و یەکێتی، گەر پاشماوەی رێکخستنی ستالینی نەبێ، یەکێتی قووتابیان و خوێندکاریان بۆ هەیە.
هیچ حزبێکی دیموکراتی لە سەتاسەری جیهاندا ئەم رێکخراوانەی نیە. دەتوانم بڵێم، رێکخراوی لەم جۆرە یاساغیشە. بەشداریکردنی لاوان لە تەمەنێکی کەمدا لە سیاسەتی حزبیدا بە باش نازانم. رێکخراوی قووتابیان و خوێندکاران لە ئەوروپادا هەن، بەڵام بە حزبەوە نەبەستراون، سەرتابن رێکخراوی پیشەیین بۆ چارەسەرکردنی کێشەی قووتابخانە و زانکۆکان بەکارن، نەک بۆ برەودان بە سیاسەتی حزب.
پارتی و یەکێتی هەردووکیان دەستبەکارن بۆ یەکخستنەوەی خاکی عێراقی هەڵوەشاوە و بە عەرەبکردنەوەی عێراق. ئەمەش لە کارکردنیادا بۆ قبووڵکردنەوەی عێراق لە جامیعەی عەرەبیدا و دامەزراندنەوەی حکومەتی عێراقدا دەردەکەوێ.
ریفڕاندۆم خۆی لە خۆیدا ئەوە دەگەیەنیت کە خەڵک کورد باوەڕی بە سەرکردایەتی سیاسی نەماوە و خۆیان سەرکردایەتی کێشەی خۆیانیان لەدەست گرتووە.

**رووداوەکانی ئەم دواییەی کەرکووک زەنگی مەترسی شەڕی ئەتنیکی لێدەدات لەم شارەدا؟ تۆ دەڵیی چی؟**

خۆپیشاندانەکەی چوارشەمەی 31 دیسەمبەری 2003، کە تورکمانی سەر بە ئەنقەرە و عەرەبە هاوردەکان رێکیان خستبوو، سەرکەوتنیکی گەورە بوو بۆ کوردستانێتی کەرکووک. ئەگەر بەراورد خۆپیشاندانی کوردستانیەکانی پێش چەند هەفتەیەک و ئەمەی چوارشەمە بکەین، جیاوازیەکی گەورە دەبینین .
خۆپیشاندانی کوردستانیەکان زۆر گەورەتر بوو لەوەی چوارشەمە. ئەمەی چوارشەمە تەنیا چەند سەد کەسێکیان بۆ کۆکرابووە. ئەمانیش زۆربەیان عەرەبی هاووردە بوون، لە شار و شارۆچکەکانی دەوروبەری کەرکووکەوە کۆکرابوونەوە. تورکمان و عەرەبی کەرکووک بەشداریان نەکرد بوون. ئەو دروشمانەش کە هەڵیان گرتبوو زۆربەی دژی کورد و کوردستان بوون. وەک "کوردستان دوژمنی خوایە."
بەرزکردنەوەی وێنەی سەدامی دکتاتۆری زەلیل، پیشانی دا کە ئەمانە سەر بە ئەنقەرە و پاشماوەی رژیمی سەدامی گۆڕکراون.
ئەم دیمەنانە لە بەرژەوەندی کوردن، چونکە ئەم جورە کارانە لای لایەنی دیمکرتیخواز و ئاشتیخوازی جیهان قبووڵ ناکرێن. راستیەکەی تورکمان و عەرەبی کەرکووک هەقە خۆیانی لێ دووربخەنەوە، چونکە شکاندێکی گەورە و نارەویە بۆ

کێشەکەیان. تورکمان دەبێ لە خۆیان بپرسن: ئایا دەخوازن ڕژێمی سەدام بهێننەوە سەرحوکم کە هەزارانی لێ کوشتوون و دەربەدەر کردوون؟ خۆ گەر ئەمە ستراتیجیانە، گەلی کوردستانیش هەڵوسێستێکی تر وەردەگرێ دەربارەیان.

**باشە کورد چی بکات بۆ ئەوەی کوردستانێتی کەرکووک بپارێزێ؟**

کورد ستراتیجیەکی یەکگرتووی نیە بۆ ناوچە بە عەرەبکراوەکان تا بینخاتەوە سەر ئیدارەی کوردستان. ئەم ستراتیجیەتە دەبێ زۆر لایەنی هەبێ.
ئەم ناوچانە دەبێ حکومەتی کوردستان خزمەتیان بکات و پارەیان تیادا خەرج بکات. پارتی و یەکێتی هێندە پارەیان هەیە، نازانن چۆن تا کۆتایی ساڵ خەرجی بکەن. سەرباری هەموو دەرامەتێکی تر یەکی زیاد لە 200 ملیۆن دۆلاریان لە هاوپەیمانان وەرگرتووە. با لە کەرکووکدا، بۆ نموونە، 100 ملیۆن خەرج بکەن.
ئەمە لە کاتێکدا تورکیا پارەیەکی زۆر بۆ بە تورکمانکردن و بە تورککردنی کەرکووک خەرج دەکات. پارتی و یەکێتی لەم سیاسەتە رووخێنەرەی تورکیا بێدەگن؛ بگرە خزمەتیشی دەکەن. ئەوەتا لەسەروو سەدان پڕۆژەی ترەوە، قۆنتەراتی فرۆکەخانەی بەکرەجۆ و ئاوی بانیخێلان دراوە بە تورکەکان. ئایا نابێ کورد ستراتیجەکی ئابووری هەبێ؟
ناوچە بەعەرەبکراوکان، بە تایبەتیش کەرکووک، ئێستا بوون بە ناوچەی "شەڕەپەڕۆ". دەبێ کورد وەک قەواریەکی سیاسی لەم ناوچانەدا کار بکات، نەک وەک حیزب. بۆ نموونە دەکرێ زانکۆیەکی کوردی لە کەرکووکدا بکرێیەوە؛ با بنکەی پەڕلەمانی کوردستان بچیتە کەڕکوک؛ با سەرۆکی حیزبەکان بارەگاکانیان ببەنە کەرکووک؛ با دەیان رێکخراوی کلتووری و کۆمەڵایەتی کوردی لە کەرکووکدا پشتگیری لێ بکرێ. خۆ هەر لە دوورەوە هاوار بکەیت کەرکووک دڵی کوردسان و قودسی کوردستانە، هیچ ناگۆڕێ. دڵی کوردستان بە "پەڕۆ" خزمەتناکرێ، بە ئاوەدانکردنەوە و پارە تێدا خەرجکردن دەکرێ.

## دوا وتەی بەڕێزتان؟

من زۆر رەشبینم لەوەی کە پارتی و یەکیتی بتوانن کیشەی کورد بەرەوپیشەوە ببەن. هیوادارم شەقامەکانی کوردستان گوشاریان بخەنە سەر تا هۆشی کوردستانیان بیتەوە بەر.

گەلی کوردستان دەبێ چارەسەری خۆی بە نووسین بۆ ئەمەریکا و هاوپەیمانانی پێشنیار بکات. هەوڵبدات کە پەیمانێکی دوولایەنە لەگەڵ ئەمەریکیەکاندا مۆربکات، لەو چەشنەی کە لە وتارەکەی هاوولاتیدا پێشنیارم کردووە.
هیوادارم سەکۆی وەک بڵاوکراوەی میدیا ببن بە سەرچاوەی هۆشیارکردنەوەی گەلی کوردستان.

## پەراویزەکان:

1- Agreement on Political Process, 15 November 2003, http://www.cpa-iraq.org/audio/20031115_Nov-15-GC-CPA-Final_Agreement-post.htm

2- هاوڵاتی، 17 دیسەمبەری 2003، ژمارە 153، ل 8، بڕوانە:
http://www.hawlati.com/pdf/2001-153_8.pdf

3- KurdishMedia.com, The US and Iraqi Governing Council deny the Kurdish identity 17 ، November 2003. visit:
http://www.kurdmedia.com/editorial.asp?id=1726